The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# نامەی ناوەندی چاك بۆ بەرپرسانی كورد سەبارەت بە 300 ڕوفاتەكەی فرگەی نێو دەوڵەتی هەولێر

**بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان**

**بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤی هەرێمی كوردستان**

## بەڕێزان

بەداخەوە خوێندمانەوەو بیستمان دەوروبەری دوو مانگە نزیك بە 300 تەرمی كەس و كارەكانمان بەبێ ناز لە ناو نایلۆن لە كۆگاكانی فرگەی نێودەوڵەتی هەولێر هەڵگرتراون , بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە گۆڕی بە كۆمەڵ لە هەولێر بیبیانێژن , ئێمە پێمان وایە ئەمە بێویژدانییەكی گەورەیە بەرامبەر بەو قوربانیانە كراوە , هاوكات جیاكاریشە لە بەرامبەر ئیسك و پروسكەكانیش لە كوردستان دەكرێت , هەموومان لە یادمانە قوربانییە بارزانییەكان چۆن هێنرانەوەو چۆن بەڕێكرانەوە بۆ گلكۆی خۆیان لە بارزان , كە شایانی زۆر زیاتر بوون لەو ڕێزە , بۆیە داواكارین لە ئێوەی بەڕێز لێكۆڵینەوە لەسەر پرسی ئەم 300 رتەرمەی فرگەی هەولێر بكرێت و سزای توندی بكەرەكانی بدرێت , هاوكات ئەم داواكارییانەشمان دەخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز :

- مۆنمێنتی ئەنفال پێویستە لە چەقی قورسایی كارەساتەكان دروستبكرێت , كە ئەویش ناوچەی كەركووكە .
- ئەو زەوییەی بۆی تەرخاندەكرێت , نابێت لە لایەن كۆنە ئەنفالچی و جاشەكانەوە دابینكرابێت .
- نابێت جیاوازی لە نێوان تەرمی قوربانیان بكرێت , هەموویان بە یەكچاو مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت , لە ماف و هێنانەوەو ناشتندا .
- لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا بكرێت كە بە بێدەربەستییەوە ئەو تەرمانەیان بەو شێوەیە ئەم ماوە درێژە لەو جێگەیە هێشتۆتەوە .
- وەڵام بە داواكاری كەس و كاری ئەو قوربانیانە بدرێتەوە , لە پەیوەست بە وەرگرتنەوەی تەرمەكان , كە هەموویان ناسراون بۆ كەس و كارەكانیان .
- پێویستە بە فەرمی داوای لێبوردن لە كەس و كاری ئەو قوربانیانە و هەموو قوربانیان دیكە بكرێت لە لایەن سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەت و پەرلەمانی كوردستانەوە , بەهۆی خەمنەخواردن لە هێنانەوەی تەرمی خۆشەویستانیان و گرنگی نەدان بە ژیانیان و هەنگاو نەنان بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانباران .

**ناوەندی چاك2007-6-16**